# ئۆچا عێراق | هەواڵی تازە لەبارەی موسڵ ژمارە ٥

بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

١ی ئاداری ٢٠١٧

**تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە:**

لە ڕۆژی ١٩ی شوبات، هێزەکانی ئاسایشی عێراقی دەستیان کردەوە بە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بۆ ئازادکردنەوەی ڕۆژئاوای موسڵ لە دەستی داعش. زیادبوونێکی بەرچاو هەیە لە ژمارەی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای موسڵ لەوەتەی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی چوونەتە ژوورەوەی ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان چڕە لە باشوری شارەکە. لەو کاتەوەی ٢٨ی شوبات، 176,566کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بەهۆی دەرەنجامی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ناو موسڵ بە گشتی، ئاماژە بە زیادبوونێکی تازە دەکات لەوەتەی شەڕوپێکدادانەکان دەستیان پێکردووە.




**زیانی مرۆیی:**

زیانی مرۆیی بەرچاو بووە. لەو کاتەوەی کە هێرشی تازە دەستی پێکردووە، 28,400 کەس لە ڕۆژئاوای موسڵ ئاوارەبوون، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی. لەو کاتەوەی ٢٥ی شوبات، نزیکەی 4,000 کەس ڕۆژانە ئاوارەبوون، زیاترین ژمارەی بە تێکڕای ڕۆژانە لەوەتەی ململانێکە دەستی پێکردووە. خەڵکی دەجولێن لە گەڕەکەکانی دەوروبەری ڕۆژئاوای موسڵ بۆ حەمام عەلیل، لەوێدا پشکنینی ئەمن و ئاسایش ئەنجام دەدرێت. دوابەدوای پشکنین، خەڵکی گواستراونەتەوە بۆ شوێنی تازەی تەنگەتاوی لە حەمام عەلیل کە سەر بە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانە، شوێنە تەنگەتاویەکان لە حاج عەلی و بنکەی ئاسمانی گەیارە، و بۆ خێوەتگەی جەدعە. جەدعە و بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج عەلی ئێستاکە پڕبوونەتەوە. فراوانکردنی شوێنەکە و تازەکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە بەردەوامە لە زۆربەی خێوەتگەکانی باشوری موسڵ، هەرچەندە 8,660 شوێن کە خزمەتگوزاری تەواویان هەیە بۆ نزیکەی 52,000 کەس بەرجەستەن لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری شاری موسڵ. نیگەرانیە ڕاستەقینەکان بۆ پاراستنی خەملاندنێکی 750,000 - 800,000 هاووڵاتی لە ڕۆژئاوای شارەکە دەمێنێتەوە، لەوێدا خۆراك و ئاو و دەرمان و سووتەمەنی کەم دەبنەوە. بە هەبوونی شەقامە تەسکەکان و چڕی ژمارەی دانیشتوان لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ، هاووڵاتیان لە مەترسیەکی گەورەدان لە کەوتنە بەر تەقەکردن، و پێدەچێت ژێرخان زیانی پێبگات.

**بەهاناوەچوونی مرۆیی و هەماهەنگی:**

شوێنی پشکنینی حەمام عەلیل، بۆ یارمەتیدانی هاوکاری حکومەت، هاوکارانی مرۆیی پێداویستیەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی دابەش دەکەن بەسەر هەموو ئاوارە تازە گەیشتووەکان، کە پێك دێن لە ١٢ کیلۆگرام لە پارچەکانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن، پێداویستیەکی پاك و خاوێنی بۆ یەك خێزان بۆ ماوەی هەفتەیەك، ١٢ لیتر لە ئاوی خواردنەوەی لە بوتڵکراو و هەڵگرێکی ئاو. هەروەها بەتانیەکانیش دابەشکراون بەسەر هەموو خێزانەکان کە تازە ئاوارە دەبن و لە کاتی گەیشتنیان بە شوێنی پشکنینی ئاوارەکان. دوابەدوای پشکنینی ئەمن و ئاسایش، ئەو کەسانەی کە تازە ئاوارەبوون لەلای ڕۆژئاوای موسڵ گواستراونەتەوە بۆ خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان. هەموو ئەو کەسانەی کە چوونەتە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان شوێنێکی ڕەشماڵیان بۆ تەرخان کراوە، و لە جەدعە، حاج عەلی، و لە بنکەی ئاسمانی گەیارە ئەوانیش کۆمەکیە سەرەکیەکانی ناوماڵیان وەرگرتووە. لە خێوەتگە تازەکەی حەمام عەلیل، ئەم کۆمەکیانەی ناوماڵ لە درەنگانی ئەمڕۆ دابەشدەکرێن. پارچەکانی خۆراکی مانگانە دابەش دەکرێت بەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە تازە ئاوارەدەبن لە ڕۆژەکانی داهاتوودا.

لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، هاوکاری مرۆیی بەردەوام پێویستە بۆ دابین کردنی خۆراك و ئاو و چاودێری تەندروستی. لەوەتەی کۆتایی مانگی کانوونی دووەم، هاوکارانی مرۆیی تانکەری ئاویان بە قەبارەی 2.3 ملیۆن لیتری ئاوی ڕۆژانە ناردووە بۆ ناو گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵات بۆ تەواوکاری کۆمەکیەکانی شارەوانی. پێداویستیەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی گەیێندراونەتە دەستی 1,000,000 کەس لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵات و ئەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە لەوەتەی ئۆپەراسیۆنەکان لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەم دەستیان پێکردووە.

هەواڵی تازەی داهاتوو لەسەر بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ دەردەچێت کاتێک زانیاری زیاتر بەرجەستە دەبێت.

بۆ پرسیارکردن، تکایە پەیوەندی بکەن بە، دامیان ڕانس، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە، rance@un.org

Disclaimer: This document is subject to availability of data at the time of circulation. The context is evolving and the above information is subject to constant change.